# چۆپی عەزیز: ئافرەت تـــ



ئــەو خانمە پێیوایـــە هیچ کارێکی هونەری کــە ئافرەت کردبی بێ پەیام نەبووە و دەڵێ: دەبێ ئەوە بزانین کەهەموو دەســپێکێک بۆ کاری هونەری و هەر کارێکی تر بێت پێویستی بەمەنفەسێک هەیە تا بتوانێت ئەو پەیامەی کە هەیە لەو ڕێگەیەوە دەریپەڕێنیت یان دەری ببڕیت، وابزانم نە ئافرەت و نە هونەریش کەمتەرخەم نین لەم ڕوانگەیەوە کە بەهاوبەشی و هاریکردنیـــان لەگەڵ یەک توانیویانە ئەو کارە بکەن، ئافرەت هەم بۆ پێشخستنی پیشـــەکەی و هەم بۆ پێشخستنی ڕەگەزەکەی ئەگەر تەنیا وەک تاکێک کارێکی کردبێت بێ پەیام و بێ ئاکام نەبووە.

چۆپی عەزیز دەربارەی بوونی ئافرەت لەگۆڕەپانی هونەری کوردیدا وای دەبینێت کە ئافرەت نموونەیەکی زیندووە کە ئێستا شان بەشـــانی پیاو گرنگی داوە بەهونەرەکەی کە دەتوانم بڵێم لەساڵانی زوودا واتە ساڵانی ٦٠ - ٧٠ کانی سەدەی ڕابردوودا عەودالی گەڕان بوون بەدوا ی ئافرەتێکـــدا کە ئـــەو کەلێنە گەورەیە پڕ بکاتەوەو کار و نمایشـــەکان جوان و جوانتر بکات کە ئەمە زۆر گرفتی بۆ پیاوان و هونەرەکەش دروســـت دەکرد، بـــەڵام ئێســـتا ئافرەت توانـــاو لێهاتوویی کەمتر نییە لەپیاوان و خاوەن داهاتویەکی ڕوونـــاک و تەواوکـــەری ســـەرەکی جوڵانـــەوەی هونەری کوردییە.

خاتـــوو چۆپی وای دەبینێت کە درامای کوردی هەنگاوی باشـــی نـــاوە لەم بارەیـــەوە دەڵێ: درامـــا چەنـــد قۆ نا غێـــک تێدەپەڕێنێـــت و گرنگـــی بەزۆر لایـــەن دەدات تا هەر لەو ڕێگەیەوە گوزارشـــت لەخەون و خولیـــاو خـــەم و ئـــازارەکان بـــکات، من پێموایە درامـــای کوردی ناتوانین بڵێین چارەســـەری

# ـــــەواوكەری سەرەكی هونەری كوردییە

■ چۆپی عەزیز یەكێكە لەو ئافرەتە ئەكتەرانەی كە لەبەرجەستەكردنی ئەو ڕۆڵانەی پێی دەسپێردرێن زۆر بەقووڵایی دەچێتە نێو ناوەڕۆكی بابەتەكە، بۆیە لەبەرجەستەكردنیاندا زۆر سەركەوتوو بووە، بەجۆرێك ڕۆڵ و كەسایەتییەكەی ئاوێتەی یەكتر دەبن، چۆپی دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەكانە و تا ئێستا لەچەندین كاری درامیدا بەشداری كردووە، لەدەرفەتێكدا بەمشێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.■

دیمانە/ خەلیل بلەیی

کێشەو گرفتەکانی ئافرەتی کوردیان کردووە، بەڵام هەنگاوێکی پتەوی ناوە کەوەک ئاوێنەیەکی ڕوون هەموو ئافرەتێ خواستەکانی خۆی تیا دەبینێتەوەو لەگەڵیدا دەژی و کۆتایی خۆی تێدا دیاری دەکات، کە ئەمە بۆ خۆی کارێکی زۆر باشەو دەکرێ جددیانەتر و دڵسۆزانەتر ئافرەت لەدراماو، دراما بۆ ئافرەت کار بکات.

سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایە درامای کوردی توانیویەتی جێگای خۆی لەدڵی بینەری کوردا بکاتەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئەو هەموو زنجیرە دۆبلاژکراوە کوردی و عەرەبیانەی کە ئێستا لەشاشەکان نمایش دەکرێن؟ خاتوو چۆپی دەڵێ: بەدڵنیاییەوە درامای کوردی بینەرێکی زۆری هەیەو بەشەوقەوە سەیری دەکەن، لەبەر ئەوەی یەکەم زمان -گفتوگۆ (دیالۆگ) گفتوگۆ لەدراما ئاخاوتنێکە مۆرکێکی سۆزدار بەخۆوە دەگرێت، بۆیە نووسەری دراماکانمان دەبێت ئەو نووسینی گفتوگۆیە لەگەڵ هەست و سۆزی تەماشاکەردا ڕەچاو بکات کە ئەمەش زۆر کار لەبینەر دەکات و تێیدەگات و لەگەڵیدا دەژی لەبەر ئەوەی زمانەکە زمانی خۆیەتی بە دابونەریت و کلتورەکە ئاشنایە و باس لەو کێشەو گرفتانە دەکات کە ڕۆژانە دەیانبینێت و دەیانبیستێت، بۆیە لەو باوەڕەدام کە دراما کوردییەکان بینەرێکی باشیان هەیە.

خاتوو چۆپی هەروەها دەربارەی شەوقی بینەری کوردی بۆ زنجیرە بیانییەکان دەڵێ: من باس لەهەموو زنجیرە دۆبلاژکراوەکان ناکەم زیاتر زنجیرە مەکسیکییەکان و ئێستاش تورکییەکان کە بوونەتە شتێکی باو من نازانم بۆ چ مەبەستێک سەیری ئەم زنجیرانە دەکرێت لەبەر ئەوەی لەهیچ لایەنێکەوە نزیکبوونەوەیەک کۆمان ناکاتەوە نە دابونەریت و کلتورو نە زمان، ڕاستە دۆبلاژ دەکرێ و تێیدەگەی، بەڵام قەت ئەو هەستەت ناداتێ کە هەیە، من وای بۆ دەچم کە زیاتر گەنجان و بەتایبەتیش کچان تامەزرۆ بن، ئەویش زیاتر بۆ مۆدێلی جل و بەرگ و ڕەنگ و قژ و...تاد، بەڵام ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی دەڕوات و سەرنجیان ڕادەکێشێ ئیتر کە ڕووداوەکان زیاتر بەرەو قوڵبوونەوە ڕۆیشتن ناتوانن لێی دەرچن و وازی لێ بێنن کە ئەمە بۆخۆی گیرۆدە بوونە لەبەر ئەوەی دراما هەیە ۲۰۰ ئەڵقەیە و کە ئەمە هەمووی کات کوشتنە، لەبری ئەوە فیلمی زۆر جوان و باش هەیە کە دەتوانرێ لەبری ئەوە سەیری بکرێن.

دەربارەی گرفتی دراماو شانۆی کوردیش، چۆپی پێیوایە کە گرفتەکان زۆرن هەم لەدراماو هەم لەشانۆدا کە چەند ساڵە هونەرمەند بەم گرفتانەوە ئەتلێتەوەو لەهەموو شوێن و گۆڤارو ڕۆژنامەو تەنانەت لای بەرپرسەکانیش باس دەکرێت، بەڵام هەر جێبەجێ ناکرێ، هەڵبەت گوێ نەگرتن و بایەخ نەدان خۆی لەخۆیدا لەتواناو بەهرەی هونەرمەند کەم دەکاتەوە.

لەکۆتاییشدا دەربارەی ڕۆڵی پەیمانگاو کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان لە پێگەیاندنی هونەرمەندان چۆپێ عەزیز وتی: کێ دەتوانێت هونەرمەندێک فێر بکات کە چۆن دەبێتە کارەکتەرێکی زیندوو وەها هونەرێک بخوڵقێنێت کە بینەرەکەی پێ بهەژێنێ، بەدڵنیاییەوە پەیمانگاو کۆلێژەکان پێگەیەکن کە بۆ فێربوون بەشێوەیەکی ئەکادیمی تا جەند بتوانیت ئەو هونەر و زانیاریانە بەشێوەیەکی گونجاو بگەیەنیت، بەڵام ئەوەش دەکەوێتەوە سەر ئەو هونەرمەندە کە تا چەند هزر و توانای خۆی دەخاتە خزمەتی کارەکەی، دانەبڕان لەکارەکەی و پابەند بوون بەبەردەوام بوون و مەشق و ڕاهێنان، هونەر کارێکی هێندە ئاسان نییە، بەڵام لەسنووری توانای مرۆڤیش بەدەر نییە.



**گوێ نەگرتن و بایەخ نەدان خۆی لەخۆیدا لەتواناو بەهرەی هونەرمەند كەم دەكاتەوە**

## ڕاغب بەسەگێکی گەورەوە ڕیکلام بۆ بۆنێک دەکات

هونەرمەندی لوبنانی ڕاغب عەلامە چەند وێنەیەکی ڕیکلامێکی نوێی بۆنێك بڵاوکردەوە کە بەنیازە بەم زووانە لە لوبنان و وڵاتە عەرەبییەکان بیخاتە بازاڕەوە بەناوی (Alami Note D'amour.).

بۆ ئەم مەبەستەش لەکۆشکێکی ئیتاڵی دەستی بەوێنەگرتن کرد لەگەڵ یەکێك لەبەناوبانگترین وێنەگرە ئیتالیەکان، ئەوەی مایەی سەرنج بوو لەم ڕیکلامەدا ڕاغب لەگەڵ سەگێکی زەبەلاح وەستابوو بۆئەوەی لەڕیکلامەکەدا بەشدار بێت و پشتی بەهیچ کچە نمایشکارێکی جلوبەرگ نەبەستبوو، ڕاغب لەپەیجی تایبەتی خۆی لەتویتەر نووسیبووی: ئەم وێنەیەم لەئیتاڵیا گرتووە لەگەڵ ئەم سەگە زەبەلاحە، لەکاتی پشوودان، ئەم سەگە زۆر زەبلاح و سەیر و جیاوازە بۆیە سەرنجی منیشی ڕاکێشا.






## ئەساڵە بەماتۆڕەوە لە ئەمریکا دەسوڕێتەوە

خانمە گۆرانیبێژی سوری ئەساڵە نەسری یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بەئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ سەرۆکی سوری بەشار ئەسەد دەربڕیوە، هەر بۆیەش بەم دواییە ئاهەنگێکی خێرخوازی لەئەمریکا ساز کرد بۆ پاڵپشتیکردنی بریندارانی شۆڕشی سوریا.

ئەساڵە لەپەیجی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر چەند وێنەیەکی خۆی لەئەمریکا بڵاوکردەوە کاتێك بەمۆتۆر سکیلێك پیاسەی دەکرد لەگەڵ وێنەیەکی دیکە کە تێیدا نینۆکەکانی بەئاڵای سوریا نەخشاندبوو، دەربارەی ئەم وێنانەی بەمجۆرە ئەساڵە دەڵێ: خەڵکی ئەمریکا مرۆڤدۆستن، چونکە تێکەڵێکن لەهەموو نەتەوەکانی دنیا بۆیە لێخوڕینی مۆتۆر سکیل کارێکی زۆر ئاساییە، سەبارەت بەنینۆکەکانیش ئەمە نیشانەی خۆشەویستیمە بۆ وڵاتەکەم.

لەلایەکی دیکەوە ئەساڵە ڕایگەیاند کە جگە لەئەمریکا بەنیازە چەند ئاهەنگێکی دیکە لەچەندین وڵاتی ئەورووپی ئەنجام بدات بۆ هاریکاری کردنی بریندارانی خۆنیشاندانەکانی ئێستای سوریا.

## لە هاوسەری سەرۆکەوە دووب

دوای دۆڕاندنی نیکۆلا سارکۆزی لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسا و نەمانی لەکۆشکی ئیلیزیە کارلا برۆنی هاوسەری بەنیازە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ نێو جیهانی گۆرانی و مۆسیقا و نواندن بۆ ئەوەی ناوبانگی خۆی لەبواری هونەرییەوە لەدەست نەدات.

هەر لەم بارەیەوە کارلا بەڵێنی بەجەماوەری خۆی داوە کە لەپاییزی ئەم ساڵدا ئەلبومێکی گۆرانی نوێیان پێشکەش دەکات، بەپێی لێدوانی چاودێر و ڕەخنەگران کارلا لەهەمووو دەرگایەك دەدات بۆئەوەی هەمیشە وەك ئافرەتێکی بەناوبانگ بمێنێتەوە و ون نەبێت، بەڵام پێشبینی دەکرێت لەم هاتنەوەیدا زۆر سەرکەوتوو

# بۆچی ئافرەتان ڕقیان لە ڤیکتۆریا و شیریلە؟

لەئەنجامی توێژینەوەیەکدا دەرکەوتووە کە ڤیکتۆریای هاوسەری دیڤید بێکهامی یاریزانی تۆپی پێی ئینگلیزی، لەسەرووی لیستی ئەو ئافرەتانە دێت کە ئافرەتان زۆر ڕقیان لێیە.

بەپێی گۆڤاری (فیمیل فیریست) زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە دەیانەوێ کێشی لەشیان دابەزێنن و ڕیجیمێکی تایبەتی خواردن پێڕەو بکەن زۆر ڕقیان لەڤیکتۆریایە و بێزار دەبن کاتێك وێنەکانی دەبینن، چونکە دەبینن لەشی زۆر ڕێکە و کێشی لەشی سروشتییە، هەرچەندە تەمەنی ٣٨ساڵە و ٤ منداڵی هەیە لەهەمان کاتدا زۆر سەرنجڕاکێشە، بەپێی ڕاپرسییەك کە گۆڤاری ناوبراو ئەنجامیداوە ڤیکتۆریا شیریل کۆلی هاوسەری پێشووی یاریزانی یانەی چێلسی و هەڵبژاردەی ئینگلتەرا لەپلەی یەکەم و دووەم هاتن کە ئافرەتان پێیانوایە خاوەن جوانترین و ڕێکوپێکترین لەشن و هەندێك لەئافرەتە بەشداربووەکان بەئاشکرا ڕق و بێزاری خۆیان لێیان دەربڕی، هەر لەڕاپرسییەکەدا هاتووە کە وێنەکانی پێشتری ڤیکتۆریا و شیریل هاندەرێکی سەرەکین بۆئەوەی ئەوانیش بتوانن لەشیان وەك ئەم دووانە ڕێك بکەن.





# تابلۆیەکی ئاندی وۆر هۆل بە٣٧ ملیۆن دۆلار فرۆشرا

تابلۆیەکی هونەرمەندی کۆچکردووی ئەمریکی ئاندی وۆر هۆل کە بۆ گۆرانیبێژی ڕۆکی ئەمریکی ئالڤیس بریسلی کێشابووی لەمەزادێکی ئاشکرا لەنیویۆرك بەبڕی ٣٧ ملیۆن دۆلار فرۆشرا.

لەم بارەیەوە تۆڕی هەواڵی (CNN) ئاشکرای کرد ئەم تابلۆیە بەناوی (ئالڤیسی ئاوێتە) لەخانەی مەزادی ئاشکرای (سۆزبی) فرۆشرا بەبڕی ٣٧ ملیۆن دۆلار، هەرچەندە پێشتر وا پێشبینی دەکرا نرخەکەی بگاتە ٥٠ ملیۆن دۆلار.

ئەم تابلۆیە ساڵی ١٩٦٣ بۆ یەکەم جار لەلۆس ئەنجلۆس نمایش کرا و وۆر هۆل ٢٢ دانەی ئەم تابلۆیەی پێشکەش کرد کە لە٩ مۆزەخانەی جیهان نمایش دەکرێت و بەیەکێك لەبەناوبانگترین تابلۆکانی وۆر هۆل دادەنرێت، هەرچەندە پێشتر تابلۆی چەند کەسایەتییەکی دیکەی جیهانی کێشاوە لەوانەش ئیلیزابێس تایلۆر و جاکلین کنێدی و مارلین مۆنرۆ و چەندانی دیکە.

شایەنی وتنە هەر لەو مەزادەدا تابلۆی (کچە نوستووەکە)ی ڕۆی لیتشنشتاین بەبڕی ٤٤،٩ ملیۆن دۆلار فرۆشرا.



## ـــــارە بۆ گۆرانی و نواندن

نەبێت، چونکە لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پشتگیری لەهاوسەرەکەی خۆی دەکرد کە ڕاسترەو بوو لەکاتێکدا کارلا وا ناسراوە کە مەیلی زیاتر بۆ چەپڕەوەکانە، هەرچەندە ڕەخنەی زۆر لەسەر دەنگی کارلا هەیە، بەڵام خاوەن توانایەکی زۆرە لەدانانی گۆرانی و فرۆشتنی ئەلبوومەکانی گەیشتە نزیکەی دوو ملیۆن دانە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆئەوەی کارلا بتوانێت دووبارە بگەڕێتەوە نێو مەیدانی هونەری جا بەخۆشیی دەنگی بێت یان بەجوانی ڕووخسار و سیمای بێت کە پێی ناسراوە.

گۆرانیبێژی کوردی ناوداری جۆرجیا (سیڤدین) بۆ گوڵان:

# هەوڵمداوە ستایل و بۆنێکی نوێ لەهونەری سترانبێژی کوردی دروستبکەم

سازدانی: هێور عەلی / تبلیسی - جۆرجیا



هونەرمەندی مۆزیسیەن و گۆرانیبێژی ناوداری جۆرجیا سیڤدین خالید کوردێکی ئێزیدییە، کە لەساڵی ١٩٨٣ لەگوندی (رێیـــا تازە)ی وڵاتی ئەرمینیا لەدایك و باوکێکی وڵاتپارێز لەدایکبووە، خوێنـــدن و پەروەردەی لەوڵاتی ئەرمەنســـتان بەزمانی ئەرمەنی و کوردی و ڕووســـی تەواوکردووە، هەر لەمنداڵییەوە شەیدا و ئاش قی مۆزیك بـــووە، دوای ١٠ ســـاڵ لەتەواوکردنـــی خوێندن، لەگـــەڵ بنەماڵەکەیان ڕوویان لەوڵاتی جۆرجیا کردووە و لەتبلیســـی پایتەختی ئەو وڵاتە نیشـــتەجێ بوونە. ئەو لەتبلیس بەشـــێوەیەکی جددی و پرۆفیشـــناڵانە درێژەی بەکاروانـــی هونەری خۆی داوە. تا ســـاڵی ٢٠١١ یەکەم ســـیدی خۆی بەنـــاوی (هەڤرا) لەســـتۆدیۆ بەناوبانگەکانـــی وڵاتی تورکیـــا بەهاوکاری کۆمپانیای (میر مۆزیـــك) بەرهەمهێناوە. ئەو ئەلبوومەی سیڤدین لە١١ گۆرانی مۆدێرن و ڕەسەنی کوردی پێکدێت، بەهەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی چڕپیەتی، کە چوار لەگۆرانییەکانی هۆنراوە و مۆزیکی خۆیەتی. ئێستاش کار لەســـەر ئەلبوومی دووەمی دەکات کە وا بڕیارە بەتەرزێکی جیاوازتر لەپرۆژەی پێشووی تۆماری بکات.

سیڤدین وەك خۆی باسی دەکات، لەبەرئەوەی ئەو لەخانەوادەیەکی هونەری پەروەردە کراوە، کە تەژی بوونە لەمۆزیك و ئاوازی ڕەسەنی کوردەواری، بۆیە هەمیشـــە هەوڵیداوە مۆرکێکـــی تایبەت بەکارە هونەرییەکانییەوە دیاربێت، ئەمەش بەو مانایەی سەبکێکی هونەری تایبەت بەخۆی هەبێت، بۆ ئەوەی بەم سەبك و ناسنامە هونەرییەی خۆیەوە لەنێو هونەرمەندانی دیکە بناسرێتەوە.

لەبارەی تایبەتمەندیی و ناسنامە هونەرییەکەی خۆیەوە، سیڤدین دەڵێت «هەر هونەرمەندێك ناسنامەیەکی هونەری تایبەت بەخۆی هەیـــە چ لەڕووی دەنگ و چ لـــەڕووی میلۆدییەکانییەوە، بۆیە پێویستە هونەرمەند لەهەر پرۆژەیەکی هونەریدا داهێنانی هونەری تایبەت بەخـــۆی هەبێت، نەك دووبارە کردنـــەوە و کاوێژکردنەوەی کارەکانی پێشـــووی بێت، هەر ئەمەش دەبێتە پێوەری سەرکەوتنی کارەکانمـــان، هەرچۆنێك بێت منیش لای خۆم هەوڵمداوە لەپرۆژەی داهاتووم ستایلی خۆم جیابکەمەوە و داهێنانی تازە تۆمار بکەم، واتە ســـتایلێك و بۆنێکی نوێ لەهونەری سترانبێژی دروست بکەم، کە ببێتە مایەی ڕازی بوونی جەماوەرەکەم، بەشـــێوەك هەموو کارەکانم بەئامانجی ئەوەیە ڕووخساری جوان و داهێنەرانەی هونەری کوردی بەدنیا بناسێنم».

سیڤدین لەنۆبەرەی کارەکانی خۆیدا توانیویەتی هەردوو مۆزیکی

ڕەسەن و مۆدێرن تێکهەڵکێش بکا و سەنتێزێکی هونەری لێدروست بکات، بەشێوەیەك تام و ڕۆح و شوناسە کوردییەکەی لەدەستنەدات، بۆیە ئەو پێیوایە لەئەلبومی یەکەمیدا تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی ئەو ستایلەش بەسەرکەوتوویی و بەحەزی خۆی تاقی بکاتەوە، کە لەئاستی میلۆدی و مۆزیك و تێکستەکانی بێت بۆ ئەوەی بەرهەمێکی ناوازەی لێ بخوڵقێنێت.

سیڤدین هێما بۆ ئەوەش دەکات کە لەکارە هونەرییەکانیدا هەمیشە هەوڵیداوە ببێتە دەنگی کوردانی بەشەمینەت و چەوساوە و لەڕێی گۆرانییەکانییەوە گوزارشت لەئێش و ئازار و خۆزگە و ئاواتەکانی کوردانی قەفقاسیا بکات. بۆیە ئەو وەك دەنگی ئاوازێکی غەریب و گریانێکی بەسۆز، زۆر بەدەنگی هونەرمەندی گەورەی کورد شڤان پەروەر سەرسامە و پێیوایە دەنگی شڤان ڕۆحێکە لەقوڵایی دیرۆکەوە هەڵدەقوڵێ و هەمیشە پارچەیەك لەڕۆحی خۆی لەئاواز و سترانەکانی ئەو دەبینێتەوە. لەبەرئەوە زۆر بەتاسە و سەلیقەیەکی گەورەوە هەوڵیداوە ڕۆحێکی تازە بەبەر سترانەکانی شڤان پەروەردا بکاتەوە و سەرلەنوێ هەندێ لەگۆرانییەکانی شڤان بەدەنگی خۆی لەئەلبوومەکەی خۆیدا تۆمار بکاتەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی دەنگی هەردووکیان زۆر لەیەکترییەوە نزیکە. بەتایبەتی کاتێك شڤان پەروەر لەساڵی ٢٠٠٨ سەردانی جۆرجیای کردووە، پێکەوە گۆرانیان چڕیوە و شڤان زۆر بەدەنگی سیڤدین سەرسام بووە، بۆیە گوتویەتی: «بەڕاستی من شانازی بەوە دەکەم کە گەنجێکی کورد دەبینم گۆرانییەکانی من لەخۆم خۆشتر دەڵێتەوە و تەماسێکی ڕۆحی لەگەڵ ئاواز و هەستەکانی من پەیداکردووە».

سیڤیدن پێیوایە هونەری مۆزیك و سترانی کوردی قۆناخگەلێکی جوان و گرنگی بڕیوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەڵێ: «بەهۆی نەبوونی چاودێرییەوە زۆرجار هەندێ لەکارە هونەرییەکان لەنگیان تێدەکەوێ و بەرهەمەکان کرچ و کاڵ دەردەچن، بەتایبەتی ئەو کارە هونەریانەی ڕەنگدانەوەی هونەری ئەرابێسکن، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەرهەمە هونەری و ناهونەرییەکان لێکتری جیا بکرێنەوە، تا قۆناخێکی گەشەسەندوو و گەشاوەتر لەمۆزیك و سترانی کوردی دەست پێبکەین». لەدرێژەی ئاخاوتنەکانیدا سیڤدین گوتیشی: «مۆزیکی کوردی پێویستی بەهەوڵگەلێکی هەمەلایەنە هەیە، پێویستی بەوە هەیە کە هەمووومان لەلای خۆمانەوە مۆزیکی کوردی لەڕووی زانستی و تیۆرییەوە بەرەو پێشەوە ببەین، لەڕووی چێژ بەخشین بەبەرامبەر و هەموو ئەو لایەنە ئیستاتیکیانەی کە دەبێت لەهەر کارێکی هونەریدا ئامادەگی هەبێت».

سیڤدین وای دەبینێت، کە هونەری کوردی لەبواری ئەرشیڤسازی و ڕەخنە و تیۆریی مۆزیکدا زۆر لاوازە، ئەو لاوازییەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار و دەرەنجامی جیاواز دەگەڕێتەوە، بەڵام دەڵێت: «لێرە و لەوێش هەوڵگەلی جیاواز دەبینرێ، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ سەرنج دەدەین لەکوردستاندا دەیان گروپ و ناوەندی مۆزیکی هەیە و چەندان ڕەخنەگری باشی ئەو بوارەشمان هەیە، بەڵام تائێستا لەجێگەی ئومێدی گەورەدا نین کە بتوانین هەمووومان پێکەوە ڕووی گەشی ستران و مۆزیکی کوردی دەربخەین، لەکاتێکدا لەرابردوودا کورد خاوەن دەیان هونەرمەند و گۆرانیبێژی ناودار بووە، بەڵام تا ئێستا وەك پێویست ئاوڕ لەو هونەرمەندانە نەدراوەتەوە. لەبەرئەوەی ئەم پاشخانە هونەرییە دەوڵەمەندەمان هەیە، کە هەموویان سەلوا و سامانێکی گەورەی هونەری بوون بۆ ئێمە و لەڕووی ئەرشیڤی و ڕەخنەیی و تیۆرییەوە پێویستە کاری گەورەیان لەسەر بکەین، ئەمەش بەمە بەستی خزمەتکردن و پڕکردنەوەی بۆشایی کاری هونە ڕی، بەتایبەت لەبڵاوکردنەوەی بەرهەمە هونەری مۆزیك و هەروەها ڕێکخستنی هونەری مۆزیك».

سیڤدین لەبارەی ئەو ئاستەنگانەی لەکاری هونەریدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، دەڵێت: «لەڕاستیدا بەهۆی دووریمان لەهونەرمەندانی دیکەی پارچەکانی کوردستان و هەروەها نالەباری باری ئابووری لەوڵاتی گورجستان، کارە هونەرییەکانمان زۆر بەدژواری بەڕێوە دەبەین، لەبەرئەوەی هیچ کەس و لایەنێك نییە پاڵپشتیمان بکات و لەهەمانکاتدا لەنێو کوردەکانی جۆرجیا ستودیۆیکی دەنگی پرۆفیشناڵمان دانەمەزراندوە بۆ کۆکردنەوەی ئەو بەهرە کوردیانە و کۆکردنەوەی مەقام و گورانیە ڕەسەنە کوردیەکان کە تا ئیستا ڕێکنەخراون، بۆیە داوا لەبڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە ئاوڕێکی جددی لەبرا کوردەکانیان لەوڵاتانی قەفقاسیا وەك جۆرجیا، ئەرمینیا، ئازەربایجان و ڕووسیا بدرێتەوە، کە لێوانلێون لەبەهرەی هونەری ناونازە و دەتوانن لەڕێی هونەرەکانیانەوە خزمەتی کورد و کوردستان بکەن».



هەمیشە هەوڵمداوە ببمە دەنگی کوردانی بەشمەینەت و لەڕێی گۆرانییەکانمەوە گوزارشت لەئێش و ئازار و خۆزگە و ئاواتەکانی کوردانی قەفقاسیا بکەم